وەزارەتی دارایی و ئابووری
ژمارە: ٧٣١٢ لە ٢٠٢٥/٩/٣

ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٥

پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٧٧) لە ٢٠٢٥/٣/١٢ بە نووسراویان ژمارە (٣٧٢٢) لە ٢٠٢٥/٣/٢٤ بڕگەی (یەکەم) لە کۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە (١٣٩) لە (٢٠٢٥/٨/١٩) بڕیارڕدرا بە:

یەکەم: لێخۆشبوون لە گەڕاندنەوەی بڕی پارەی قەرزی بچووك بۆ ئەو سوودمەندبووانەی کۆچی دواییان کردووە و تا ئێستا پابەندی دانەوەی ئەم قەرزەیان لە ئەستۆماوە کە ژمارەیان (٥٩) پەنجا و نۆ سوودمەندە.

دووەم: ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

ئاوات جەناب نوری
وەزیری دارایی و ئابووری

وەزارەتی دارایی و ئابووری
ژمارە: ٧٧٨٥ لە ٢٠٢٥/٩/٢١

ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٥

پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٨٨) لە ٢٠٢٥/٩/١٠ بە نووسراویان ژمارە (١١٥٥٣) لە ٢٠٢٥/٩/١٨ و بە مەبەستی کار ئاسانی بۆ هاوڵاتییانی سوودمەند لە پێشینە و قەرزەکانی بانکەکانی سەر بە وەزارەتمان بڕیارڕدرا بە:

یەکەم: لێخۆشبوون بە ڕێژەی (١٥%) لە سەدا پازدە بۆ گشت قەرز و پێشینەکانی (خانووبەرە، نیشتەجێبوون، کشتوکاڵی، پیشەسازیی، گەشتوگوزاریی) لە ئەسڵی پێشینە یاخود قەرزی ماوە لای سوودمەندان بە ڕەچاوکردنی نووسراوی پێشووی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٥٧٨٦) لە ٢٠٢٤/١١/١٢ تایبەت بە قەرز و پێشینەی کشتوکاڵی.

دووەم: دوای جێبەجێکردنی خاڵی (یەکەم)ی سەرەوە لێخۆشبوون لە سوودی دواکەوتن بۆ سوودمەندان لە پێشینەکانی سەرەوە بکرێت.

سێیەم: ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران کاری پێدەکرێت تا ڕێکەوتی (٢٠٢٥/١٢/٣١) و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

ئاوات جەناب نوری
وەزیری دارایی و ئابووری